(فاڵچی) پێناسەکەی دەخوێنێتەوە

حەمە کەریم هەورامی

* فاڵچی چیرۆکێکی دراماییە، بەشێوەی دیالۆگ کەنیشانەی سەرەکی دارشتنی دەقی دراماییە نووسراوە، بەتەکنیکێکی وا داڕێژراوە کە چەند بۆ نمایشکردنی سەر شانۆ دەست بدات ئەوەندە و فرەتریش شایەنی خوێندنەوە بێ، لەسەر شێوەو تەکنیکی چیرۆکە شانۆگەرییە کلاسیکی و دراماتیکییەکانی بەر لەسەدەی بیستەم نووسراوە، هەندێ دراماناس بەو جۆرە درامایە دەڵێن:(درامای زەینی) واتە دۆزێکی زەینی چارەسەری دەکات و زەین زاخاو دەدات.

درامانووسانی جاران بیروڕای خۆیان سەبارەت بە دۆزێکی فیکری مرۆیانە لەناو دراماکانیاندا دەردەبڕی، یان نووسینی درامایان دەکرد بەمەیدانی پراکتیکەکردنی ئەو فیکرە فەلسەفییانە کە بڕوایان پێیان هەبوو، وەکو (مێشوولەی سارتەر) و(شەهرەزادی تۆفیق الحکیم) و (لە چاوەڕوانی گۆدۆی پکێت)دا.

چیرۆکی فاڵچی یەکێکە لەو دەقە دراماییە کوردییانە کە دەقێکی پوخت و هونەری داڕێژراوە، یەکێکە لەبەرهەمە هونەرییەکانی بەندە خاوەنی ئەم نووسینەی بەردەم.

* ئەم چیرۆکە لە ساڵی (١٩٧٠) دا تیپی هونەری هەولێر بۆ ماوەی پێنج رۆژ لەسەر شانۆی هۆڵی شارەوانی موسڵ پێشکەش بە جەماوەری ئەوشارەی کرد، ئەو نواندنە لەو شارەدا هونەری شانۆی کوردی بە خەڵکانێ ناساند کە نکۆڵییان نەک هەر لە نەبوونی هونەری کوردی بەڵکو لە کوردیش دەکرد، جگە لەوەی سەری هونەری شانۆگەری کوردی بەرزکردەوە، هونەری ئەو شاریشی بەزان. بۆ دووەم جار لە هۆڵی شارەوانی هەولێر پێشکەش بە جەماوەری هەولێر کرایەوە، هەر ئەو ساڵە کرا بە حەوت حەڵقە و بەزنجیرە لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک نمایشکرا.لەسەرەتاوە دوو حەڵەقەی نمایشکرا، پێنج حەڵەقەکەی دی راگیران، دەزانن بۆ؟

چونکە کۆنەپەرستانی شاری هەولێر کێچ کەوتە ناو کەوڵیان، داوای راگرتنیان لە حکومەت کرد، دوای دووسێ مانگ هەر لەسەرەوە هەر حەوت حەڵەقەکە یەک بەدوای یەکدا پیشاندران، دوای نمایشکردنەکەی بە کوشتن هەڕەشەیان لێکرا.

لە ساڵی (١٩٧١) کە کۆنگرەی دووەمی یەکیەتی ی نووسەرانی کورد لە هەولێر بەسترا، دەقی چیرۆکی (فاڵچی) لە گرەوی کۆنگرەدا بە چاکترین دەق خەڵاتی یەکەمی جوانترین دەقی شانۆگەری وەرگرت. خەڵاتەکە بەناوی (بارزانیی نەمر)ەوە بوو، لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسییەوە(حەبیب کەریم) دو بەخشرا.

* هەندێ کەس کە ناوی چیرۆکی فاڵچی دەبیسن وا دەزانن چیرۆکەکە کارە تفت و لار و چەوێڵەکانی کەسانی فاڵوەگەران دەخاتەڕوو!.

یان بۆ تەمسیلکردنی رەفتارە دزێوەکانی فاڵچییانە، کەچی لە راستیدا فاڵچی هێمایە بۆ کەسانێک یان بیروڕایەک کە لە پێناو بەرژەوەندییەکی تەسکدا خەڵک لەرێی راست لا دەدەن.

چیرۆکەکە مامەڵەیە لەگەڵ دۆزێکی فیکریدا کە رەنگە لەم دەستەواژەدا کۆبکرێتەوە(ئەوەی ئێمەی دزی هەر ئەوەیە کە ئێمە پەنای دەبەینە بەر بۆ ئەوەی بماندۆزێتەوە).

بابە جۆرێکی دی بڵێین:(ئەوەی ئێمەی بەم دەردەبرد، چۆن دەبێ ئومێدی چارەسەری لێبکرێ).

واتە ئێمە لەڕێی خۆمان بەفێڵ کابرایەکی فاڵچی هات لە مێژوو و کلتوور و رەوتی خۆمان دایبڕین، ئەم کابرا فاڵچییە لە زێدی خۆیدا نەفرەتلێکراوێک بووە، بەهۆی گزافە پڕ وپووچەکانیەوە هات هەڵی خەڵەتاندین ئەو چی هێنابوو وەرمان گرت و ئەوەکەی خۆمان کە رەسەن بوو لە دەستدا یان دزرا، وا ئێستا دەگەڕێین بیدۆزینەوە، لای کێ دەیدۆزینەوە لای فاڵچییە دزەکە؟!.

* بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکەیە، چیرۆکی فاڵچیمان کردە نموونە، رووداوە مێژوویییە بەدەکە لەگەڵ گەڕان بەشوێن حەقیقەتی ئەو لە خشتەبردمان کردە چەند تابلۆیەکی هونەری سەرشانۆ.

* کورتەی چیرۆکەکە ئەمەیە:

ماڵی سەعید ناوێک ملوانکەیەکی زێڕیان لێ دەدزرێ، پێیان وایە لێیان بزربووە، ئەوەی دزیویەتی ژنی کابرای فاڵچییە.. لێرە ملوانکەکە هێمایە بە نەختینە و کەلتووری کوردیی رەسەن، خێزانی سەعیدیش نموونەی هەموو کوردێکی دڵسافە. ژن و خەسووی ئەم سەعیدە دوای گەڕان و سووڕان بۆ سۆراخ و دۆزینەوەی ملوانکەکە، پەنا دەبەنە بەر کابرای فاڵچی بۆ ئەوەی ملوانکەکەیان بۆ بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا ملوانکەکە لە ماڵی خۆیدایە.. ئەم فاڵچییە بە فرۆفێڵەکانی خۆی ژنەکەی سەعید و خەسوەکەی دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و ئەوەندەی دی قوڕیان بۆ دەگرێتەوە، لە کۆتاییدا هیچ سەوز ناکەن و بۆ سمێڵ دەچن ریشیشیان خستە سەر، ئەوە هێڵە سەرەکییەکانی چیرۆکی فاڵچی بوو.

* گەلێ سەیرە شانۆکارانی ئەمڕۆمان لەدوور و نزیکەوە ئەژمار بۆ درامانووسان ناکەن، بە هونەرمەندیشی نەزانن، کەچی سەرچاوەی هونەری شانۆگەری دەقی ئەو شانۆگەرییەیە کەهی درامانووسەکەیە، رەنگە تا رادەیەک پاساو بۆ ئەو حاڵەتە بەوە بدرێتەوە چونکە زۆرینەی ئەو چالاکییانە کەناونراون شانۆگەری نە چارەسەری فیکرەیەکی روون دەکەن، نەپشت بەدەقی شانۆگەری دەبەستن، تەنیا شتی سەر پێیی و هەڵکەوت و داکەوتێکی بێ گیان و گریکن.

له شاری ئەسپ و کاوبۆی له تیکساس

حەیدەر عەبدولڕەحمان

شاری دالاس- له هەرێمی تیکساس له وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا به شاری (کاوبۆی) بەناوبانگه، چونکه ئەو هەرێمه له زۆر کۆنەوه تاوەکو ئەمڕۆکه شوێنێکی پڕ له چیاو چۆڵ و دەشتایی بووەو خەڵکەکەی به بەخێوکردن و پەروەردە کردنی مەڕو مالات و ئەسپ به ناوبانگ بوونه، بێجگه له بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، چونکه خاک و دەشتایی دالاس وەک د. (جیرار جۆنسۆن) له موزەخانەی دالاس بۆی باس کردین: ئەو هەرێمه خاکێکی به پیت و بەرەکەت بووه بۆ کشتوکاڵ له هەمان کاتدا دەرودەشتێکی پڕ له سەوزایی بەرفرەوانی تێدایه بۆ بەخێوکردنی ئەسپ و مانگاو زێتر له نیوەی ئەسپەکانی ئەو هەرێمه لەو کێڵگەیەدا پەروەدە دەکران. لەبەر ئەوەش هەرێمێکی دوورە شار بووه له کاتی خۆیدا به گەلێک کاری سەرپێچی یاسایی ناسراوەو کێشەو ململانێی هەرە زۆر لەسەر زەوی و رەشه وڵاخ و ئەسپ بووه.

ناودارترین زنجیرە تەلەڤزیۆنی جیهانیی له دالاس

کاتێ سەردانی شاری (دالاس)م کرد له تیکساس یادی ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییەم کردەوە که بەناوبانگترین زنجیرەی تەلەڤزیۆنییە که له ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا پێشکەش دەکراو هەموو جیهان پێی سەرسام بوون، زنجیرەکه له ساڵی ١٩٧٨ تاوەکو ساڵی ١٩٩١ بەردەوام پێشکەش کراوە، خاوەنی بەرفرەوانترین بینەری تەلەڤزیۆنییە له مێژوودا، که دیارترین ئەکتەرە دیارەکانی ئەو دەمه له چەشنی (لاری هاجمان، باتریک دافی، فیکتۆریا بابرنسیبال، لیندا جرای) بەشداربیان له نواندنیدا کردووە، لەو ماوەیەشدا له هەمان ئەو شوێنەداو له کێڵگەی (دالاس) ئاهەنگێک به یادی ئەو زنجیرەیه سازکرا، که چەندین له هەوادارانی زنجیرەکه له ژاپۆن و ئوستراليا و ئەوروپاو زۆر شوێنی دیکه ئامادەی بوون و نرخی پلیتی چوونه ژوورەوەی ئەو ئاهەنگه له ١٠٠ هەتا ١٠٠٠ دۆلار بوو.

بەدووری چەند کیلۆمەترێک له شاری دالاس و له دەشتاییەکی بەرفرەواندا موزەخانەیەکی تایبەت بەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییە، له هەمان شوێنی تۆمارکردنی زنجیرەکه دروست کراوە که تێیدا تەواوی دیکۆرو کەلوپەل و جلوبەرگ و ئێکسسواراتی زنجیرەکەی تێدا پارێزراوە.

که ئێمه گەیشتینه موزەخانەکه تەواوی کارمەندان بەهۆی تەواوبوونی خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، بەڵام کاتێ وەرگێڕەکەمان له خاتوونه بەرپرسەکەی گەیاند که ئێمه له کوردستانەوە هاتووین بۆ بینینی ئەو موزەخانەیە، دەستی یەکه یەکەمانی گوشی و بۆ یەکه یەکەی باڵەکانی موزەخانەکه هاوڕێمان بوو، شرۆڤەی تەواوی ناوەڕۆکی موزەخانەکەی بۆ دەکردین که پێکهاتبوو له هۆڵێک بۆ وێنەو ناسنامەو فیلمی دیکۆمێنتی ئەکتەرەکان، خاتوو هیلاری لەم بارەیەوە گوتی: ژمارەی ئەکتەرە بەشداربووە سەرەکییەکان خۆی لەسێ سەد ئەکتەری ژن و پیاوو منداڵ دەدات، لەو ئەکتەرانە ئێستا تەمەنیان بەسەرچووەو هەندێکی دیکەیان نەماون، بەڵام ئێستاش هەر هەمان خۆشەویستییان له ناو دڵی جەماوەردا هەیە، ئێستاش سینەماو کەناڵە ئاسمانییەکان دێن لێرە دیمانەو چاوپێکەوتنیان دەربارەی ئەو زنجیرەیە لەگەڵدا ساز دەکەن و باس له چۆنییەتی تۆمارکردنی زنجیرەکه دەکەن، له هۆڵی پۆشاکدا تەواوی جلوبەرگی ئەکتەرە بەشداربووەکان له ناو جامخانەکاندا هەڵواسراوە، لەوانەی که لەکاتی تۆمارکردنی

زنجیرەکە لە بەریان کردووە، خاتوو هیلاری دەربارەی ئەو بەشە گوتی: نەمانویستووە بە هیچ شێوەیەک دەسکاری جلەکان بکەین، بە بەردەوامیش ئەو داوو دەرمانانە بەکاردەهێنین کە ئەو جلانە لە لەناوچوون دەپارێزن، لە هۆڵی ئێکسسواراتیش چاومان بەو گالیسکەو گوریس و زینی ئەسپ و چەک و تەقەمەنییانە کەوت کە لە زنجیرەکەدا بەکارهاتوون، دواتریش ژووری چێشتخانەو گەرماوو ژووری نووستنی پاڵەوانەکان و باخچەو هەموو ئەو شوێنانەمان بینی کە لە زنجیرەکەدا بەکارهاتوون... لە هۆڵێکی دیکەدا چەند دیمەنێکمان لە زنجیرەکەدا بینییەوەو تەواوی یادگارییە کۆنەکانمان لەمەڕ فیلمەکەدا بەبیر هاتەوە، کاتێکیش خاتوو هیلاری بەڕێی کردین پێی گوتم: سلاوو خۆشەویستیمان بگەیەنە بە خەڵکی کوردستان.

ژ

دیاری قەرەداغی

غەزە و گۆرانی

ئەمجارەش چینی گۆرانیبێژانی کورد کەوتەوە بەردەم سوکایەتییەکی دی بەوەی کە کەمترین هەڵوێستییان هەیە لە بەردەم کارەساتە یەک بە دوای یەکەکانی کوردستان، ئەو کوردستانەی تا رۆژێک ئارامە دەیان رۆژ و ساڵی شەڕ و بەدبەختییە ، خۆ گەر شەڕیش نەبێت گەندەڵی و فەسادی ئیداری هەناوت دەبات و رۆحت تەڵخ دەکات و خۆزگە بەشەڕ دەخوازی بۆ ئەوەی هیچ نەبێت سامانی وڵات نەکەوێتە بەر دەست هەڕەشەی فەوتان و رەتانەوە.

پێم بڵێن مەحشەری رەخنەگرە ئازاکانی نێو رادیۆ و تیڤییەکان ئەی ئەوانەی کە دەم دەکەنەوە یەک جوملەی مفید نازانن قسە بکەن بەڵام شێر ئاسا دادەبەزنە سەر دنیای گۆرانی و میوزیک و هەڵپەڕکێ و سەما و خۆشی، دەپرسم ئایا ئەو بازاڕە گەرمەی ئاهەنگ و خۆشییەکانی ئێمە کامەیە تا ئێوەی پێ سەغڵەت بوون؟

دیسانەوە لەمرۆژانەدا لە بەرنامەیەکی مایکی ئازادی رادیۆی نەوا لەسەر دۆسییەی غەزەو هەڵوێستی جادەی کوردی لەمەڕ ئەو مەسەلەیە زۆرێک رای جیاواز هەبوو، بەڵام برادەرێک پێی وابوو کە هونەرمەندانی ئێمە بێ هەڵوێستن و وەک هونەرمەندانی عەرەب نین کە هەر هێرش کراوەتە سەر غەزە راستەوخۆ ئاهەنگەکانیان راگرتووە، ئەو پێی وابوو کە دەبوو ئێمەش واتە سەرجەم هونەرمەندانی کورد بۆ بۆردومانەکانی چیای قەندیل وەک چۆن هونەرمەندانی عەرەب بۆ غەزە هەڵوێستیان وەرگرتووە ئێمەش چاومان لەوان بکردایە..

بۆ بەشێکی ئەوەی کە پێویستە هونەرمەند هەڵوێستی هەبێت ئەوا لەگەڵیدام و راستەو هەمیشەش هونەرمەندی کورد تاکە قوربانی کۆمەڵگای شەڕکەرو دواکەوتووی ئەم میللەتە بووە لەخۆشی و ناخۆشی و مەینەتییەکانی، بەڵام دەپرسم ئەگەر تۆ ئێمەی هونەرمەندی کورد یەکسان بکەیت بە هونەرمەندانی عەرەب ئەوا دڵنیات دەکەمەوە کە بە هەموو گۆرانیبێژانی کورد لە ساڵێکدا بە قەد یەک تاکە گۆرانیبێژی عەرەب ئاهەنگ و کۆنسێرتێک نییە، بۆ نمونە بە دە ساڵ ئەگەر کیژە هونەرمەندێکی ئێمە کۆنسێرتی یا ئاهەنگێک یا بە کۆمەڵ لەگەڵ یەک گروپی دی یان لە بۆنەیەکدا بەشدارە یا بەشدار نییە، ئەمە چ رەوایەکە بیچوێنین بە ژنە هونەرمەندێکی عەرەبی وەک ئەسالە ، نانسی عەجرەم، هەیفا وەهبی، شیرین، تا دوایی کە هەریەکەیان لە مانگێکدا نەک لە ساڵێکدا چەندین ئاهەنگی زەبەلاحی پڕ پارەو قازانج و دوور لە هەموو جدییەتێکی هونەر پێشکەش دەکەن، ئەبێت ئەو خۆشی و دەستکەوتە مادییەی ئێمە هونەرمەندانی کورد لە کوێدا بێت کە هەمیشە کەوتووینەتە بەردەم هەڕەشەی خەڵکێک کە بۆ هەموو شتێک ئێمە کراوینەتە ناشرینترین سامپل، کاروانی چەندین ساڵەی هونەری هونەرمەندێک لەم وڵاتەدا جگە لە مەینەتی و خۆخواردنەوەو تەسکبوونەوە لە بازنەیەکی داخراوی ئەم نیشتمانە دەبێت چی بێت..

تکایە باسی یەک دوو نمونەم بۆ مەکەن کە بوونەتە ئاماژەو باسی ئێوە ، مەیەن باسی سوودی چەند کەسێکم بۆ بکەن لە نێو بوارە هونەرییەکە کە چۆن دەسەڵات گەورەی کردوون، ئەمە بارێکی سروشتییە هەموو توێژێک ئەو نادادپەروەری و ئەو نموزەجانەی تێدایە

ئەوەی جێگای سەرنجمە ئەوەیە، کەهەموو ئەم شەهادانەش لە زاری خەڵکێکی بێ ئیدراکەوەیە ، ئەگینا گەورەیی هونەری گۆرانیی و میوزیک پێویستی بە شەرح و تەفسیل و پیا هەڵدانی من نییە، بۆ خۆی دنیایەکی درەوشاوەو شایستەیە..

ئەگەر خەڵک و جەماوەر خەمخۆرن بۆ وڵات و نیشتمان با لە گۆرانی نەخوێنن لە هونەرمەند نەخوێن و دواییش بۆی بگرین، با تۆزێک راستە شەقامەکە نزیک ماڵی خۆی پاک بکاتەوە یان هیچ نەبێت پیسی نەکات، ئەگەر ئەم خەڵکە وەتەنییە زۆر پەرۆشە بۆ ئازادی، با هیچ نەبێت رێی ئازادی خۆش بکەن بۆ توێژێکی کەم لەم میللەتە هەژارە و ژیانویستە کەخەریکی هونەری گۆرانی و میوزیکن، خۆ ئێمە (کەمانجە) لەشانین نەک (دەمانجە) بەلاقەتدا بۆ پیاوکوشتن، چییە دەتانەوێت ئامێری گیتارەکەمان بکەینە ئاربیجی و مایکرۆفۆنی دەستمان بکەینە رومانە؟؟

تەمبەڵی یان ترس لە گۆڕان؟

-W½u¼ Ë´0Ö«d²Ý



د. فازڵ جاف

خانمە نووسەری ئەمریکایی جولیا کامێرۆن کە پسپۆڕێکی بە ناوبانگی بواری داهێنانە ، پێ دادەگرێت لە سەر ئەوە کە ئەو شتەی ئێمە ناوی لێ دەنێین تەمبەڵی لە بنەڕەتدا ترسە لە گۆڕان ، ترسە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ وتەنگژەکان. کامێرۆن نازناوی مرۆڤی بە ئاستەنگ تەنراو یان ڕێگا لێگیراو لەو کەسانە دەنێت کە ترس ڕێگای داهێنانیان لێ دەگرێت. مەترسی ئەو کەسانە بە پلەی یەکەم مەترسییە لە سەرنەکەوتن و پاشان دابڕان لە دەوروبەر و خەڵکی دی، چونکە ئەگەر بتەوێ ببی بە داهێنەرێکی ڕاستەقینە دەبێت زۆر جار بەرەنگاری دەوروبەر بکەیت و ڕووبەڕووی کەسانی نزیکی خۆت ببیتەوە، دایک وباب وخزمانت، مامۆستاکەت ودام و دەستگای فەرمی، ئەمەش کەسانێکی نزیکت لێ دەڕنجێنێت وبۆ خۆی بەرەنگاریەکی سەختە.

بۆیە ڕەنگە وا بکەوێتەوە کە کۆڵدان ودەست هەڵگرتن لە پرۆژەی داهێنانت پێ ئاسانتر بێت.

دایک وباب هەمیشە خۆیان بە شکستەو دڵشکاو پیشان دەدەن کاتێک منداڵەکانیان لێیان یاخی دەبن، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە یاخی بوون هەنگاوی یەکەمە بۆ خۆ دروستکردن وخۆ سپەناندن. زۆر بە ئاسانی ئەوە لە بیر دەکەن کە خۆیشیان ڕەنگە لە سەردەمی لاوێتیدا هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر دایک وباییان نواندبێ. خۆ ئەگەر بەرامبەر بە نارەزایی ئەوان کۆڵیان دابیت ومل کەچییان نواندبێت، ئەوا بۆ خۆیان تاکو ئێستاش بریندار ودڵشکاون.

یاخی بوونی تافی لاوێتی گرنگترین هەڵوێستی ژیانە، گرنگترین یاخی بوونە کە کار دەکاتە سەر سەرانسەری تەمەن وپرۆژەکانی ژیانت، واتە لە سەر کۆڵەکەی گۆڕان وداهێنان بنیات نراوە. ئەمەش زۆر جار بێ مەترسی نییە، مەترسی ئەوەی نزیک ترین کەسی خۆت لە دەست بدەی.

خۆ ئەگەر یاخیبوون هەڵنەبژێریت و ژیانێکی سست هەڵبژێریت کە لەگەڵ خواست وئارەزووەکانی خۆتدا نەگونجێت وتەنیا لە گەڵ دەوروبەرتدا بگونجێنت، ئەوا لەوانەیە هەموو تەمنت پەنجەی پەشیمانی بگەزیت وهەموو ساتێک بە خۆت بڵێیت هەڵەم کرد نە دەبوایە وا بکەم. چونکە داهێنەران سەرتاپای تەمەنیان سۆراخی داهێنانەکانیان دەکەن وتاسەی خواستی داهێنەریان دەکەن، ئەو خواستەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەنگاوی یەکەمی لاوێتیدا پێ شێل و سەرکوت کرا. ئەمە جگە لەوەی کە هەر داهێنانێک کە لە ناخت سەرهەڵدەدات بۆ خۆی گەشەیەکی مرۆڤانەیە و تەنیا مولکی خۆت نییە، بگرە مۆلکی سروشت ودەوربەرە، کاتێکیش کە دەستی لێ هەڵدەگری برینێکی کاریگەر دەکەوێتە جەستەتەوە، برینێک کە بە درێژایی تەمەنت پێت سارێژ ناکرێت.

بۆیە ئەگەر بتەوێ ئازا بیت و پرۆژەی ژیانت بەو جۆرە دابڕێژیت کە خۆت ئارەزووت لێیە دەبێت ئازاو وبوێر بیت. دەنا دەبیت بە کۆپی دەوروبەرەکەت وبوونی خۆت و کەسایەتی وتایبەتمەندی خۆت لە دەست دەدەیت.

ترسێکی دیکەمان لە هەنگاوی یەکەمان بەرەو داهێنان لەوەدایە کە دەمانەوێت کامڵ وپێرفێکت بین و هەرگیز هەڵە نەکەین، ئەمەش ڕەنگە لای گەنجان یەکێک بێت لە کێشە گەورەکان، چەند گەنج بیت ئەوەندە دەتەوێت کامڵ بیت وهەڵە نەکەیت، لە کاتێکدا کامڵبوون هەردەم بەڕێوەیە و هێشتا نەهاتووە، ڕاستەکەی ئەوەیە کە کامڵبوون هەرگیز نایەت.

هەموو هەنگاوێکت و هەموو ساتێکی تەمەنت ئەزموونێکی نوێیە کامڵبوونت بە شێوەیەکی ڕاژەیی پێ دەبەخشێت، تۆ ئەوەندەت لەسەرە کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بژیت و لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبیت ، ئەمجا دەبینیت کە جەوهەر وماهیەتت چۆن ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو کامڵبوون دەچێ، دوا وێستگەیش مرگە، کە تێیدا ماهیەت کامڵ دەبێت. چەندەش ترست لە هەڵەکردن نەبێت ئەوەند ئەزموونی ژیانت دەوڵەمەند دەبێت و جەوهەرت گەشە دەکات.

پەیژەیەکی کورت

خۆ ئەگەر بتەوێت ڕێگا چارەسەرێک بۆ مەترسیەکانت بدۆزیتەوە، پێموایە چاکتر وایە سەرەتا بە پەیژەیەکی کورتتردا هەڵزنێت. چونکە وەکو جولیا کامیرۆن دەڵێت: ئەگەر بتەوێت بیت بە هونەرمەندێکی گەورە دەبێت بە پەیژەیەکی گەورەدا سەرکەویت. ئەمەش مەترسی گەورەت لە لا دروست دەکات. ترس لە پرۆژەی گەورە هانت دەدات پرۆژەکەت دوا بخەیت. هەر ئەم دواخستنە تەمبەڵی وسستیت لە لا دروست دەکات.

بۆیە ئەگەر پلەی مەترسییەکەت لە ڕادە بەدەرە، چاکتر وایە هەر لە دەستپێکەوە پەلاماری پرۆژەیەکی گەورە نەدەیت.

هەروەکو کامیرۆن دەڵێت: خۆناچارکردن بۆ ئەوەی شاکارێک بە ئەنجام بگەیێنیت، کارەکەت ئەوەندە سەخت دەکات کە نەتوانیت هیچ بەدی بهێنی. بۆیە چاکتر وایە هێدی هێدی لە سەرخۆ هەنگاو بنێیت، وەکو ئەو دەڵێ" وەکو منداڵ هەنگاو بنێیت، بەڵام لە هەموو قۆناخێکدا دەبێت پاداشتی سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونت بدەی بە خۆت وبۆ خۆت پێی شاد بیت وڕێزی لێ بگریت."

ئەگەر هەست دەکەیت بە تەنیا خۆت پرۆژەکەت پێ هەڵناسووڕێت پەنا بەرە بەر یارمەتی کەسانی دیکە و، داوای یارمەتیان لێ بکە، نەک هەر ئەوەندە ڕەنگە هانیان بدەیت و باوەڕیان پێ بێنی، کە لە گەڵتدا بەشدار بن، ئەمە ئەگەر پرۆژەکانت بواری کاری هەرەوەزی تێدا بێ. داوای یارمەتی لە کەسانی دیکە بکە، وەک چۆن پێویستە یارمەتی کەسانی دیکە بدەیت، ئاواش لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی بکەیت، یارمەتیدانی کەسانی دیکە وهاریکاریکردنیان هونەرێکی گرنگە و دەبێت بەڕێزەوە تەماشای بکرێت، بە هەمان شێوەیش داوای یارمەتی وڕێنمایی وڕاوێژ وکۆمەک دەبێت بەرز بنرخێنرێت.

ئاسیاییەکان دەڵێن ترس یەک دەرمانی هەیە، ئەویش خۆشەویستییە، خۆشەویستی ترس دەڕەوێنێتەوە. نەک هەر ئەوەندە ئەگەر کەسێکت یان شتێکت تەواو خۆشویست، ترس پەیت پێ نابات. هەربۆیە عاشقانی ناو داستانەکان ڕێگای دوورودرێژی مەترسی دەگرنە بەر بێ گوێدان بە هیچ ئاستەنگ وزیانێک. لە کۆتایشدا زاڵ دەبن بە سەر هەموو تەنگ وچەڵەمەیەک وسەردەکەون، خۆ ئەگەر عاشق گیانیشی بەخت بکات، ئەوە مانایەکی گەورە بە ژیانی دەبەخشێت و بۆ هەتا هەتا وەکو پاڵەوانی ناو داستان ناو دەبرێت.

ڕۆژێک دێت دەبێت دەست پێبکەیت !

ڕۆژێک دێت دەست پێ بکەیت و ئەوی ئارەزووت لێیە بە کردار بیسەلمێنیت.

ڕۆژێک دێت خەونەکانت دەبن بە حەقیقەت، تەنیا ئەو ڕۆژە خەونەکانت ڕاستەقینەن کە لە واقیعدا دێنە دی، لەو ڕۆژەدا خەونەکانت بە تەواوەتی دەبن بە بەشێک لە خودی ڕاستەقینەت، خەونەکانت دەبەنە پرۆژەی ژیانی خۆت تەنیا کاتێک کە ئەنجامیان دەدەیت. بەر لەوە تەنیا گوزارشتێکە لە دەروون وئەندێشەت. ڕەنگە لای چەندین کەسی دیکەش گوزەر بکەن. هەر هەمان خەون گوزارشت لە ملیۆنەها کەس بکات.

ئەو خەونانەی کە بەرجەستەیان ناکەیت نابنە هی تۆ، هەر بۆیە لە بیریان دەکەیت و پاش ماوەیەک هەر نازانی چۆن بوون ودەربارەی چی بوون. بەڵام تۆ کە خەونی ڕاستەقینەی خۆت بە کردار بەرجەستە کرد، ئیدی خەونەکەت لە واقیعدا بەرجەستە کرد، ئەو دەمە دەیکەی بە هی خۆت ومۆری کەسایەتی خۆتی پێوە دەنێیت.

گۆتێە دەڵێ: خۆسەلماندن تەنیا بەوە دێتە ئەنجام کە بەرهەمت هەبێ وڕێگایەک بۆ سەلماندنی توانات بڕەخسێنیت. قۆناخی گەنجی قۆناخی چەکەرەکردن وکاکڵەکردنی تایبەتمەندێتی وجیاهەڵکەتوویی. خۆناسین لەم قۆناخەدا بایەخێکی پتری هەیە، چونکە تەنیا بە خۆناسین وبەوەی هەر خۆت بیت تایبەتمەندی خۆت دەسەلمێنیت.

گەر باوەڕ بەو ڕاستیەیە بکەین، کە هەموو تاکێک کەسێکی تایبەتە وناکرێت وەکو کەسێکی دیکە بێت، لەوەش دەگەین کە ڕاستگۆیی خۆت لەگەڵ خۆتدا تاکە ڕیگایە بۆ گەیشتن بە تایبەتمەندی و جیاهەڵکەتوویی، کە هەردوو لە ناو ناخی خۆتدا هەن وهەر لەویشدا دەبێت بۆیان بگەڕێیت.

کوردەکانی خۆراسان.. کەلتوورێکی زیندوو

ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار کورد لە خۆراسان دەژین و پێش هاتنی ئیسلام کورد لە خۆراسان هەبووە

(هەرێمی کوردستان-خۆراسان)

کوردەکانی خۆراسان لەبەر خەمی رۆژگار و بژێوی ژیانیان فریای داهێنان و بوژانەوەی کەلتووری دەوڵەمەندی خۆیان ناکەون. بەداخەوە زانیاری زۆر لەبارەی کوردەکانی خۆراسان دەست ناکەوێت، لەگەشتێکی رۆژنامەوانیدا تەنها دوو دیدار دەستکەوت، بەو ئارمانجەی خوێنەران و کوردەکانی خۆراسان لەیەکتری نزیک بکرێنەوە. لەبەسەرکردنەوەیەکدا دوو روناکبیری کوردی ئەو شارە باس لەخۆزگە و ئاوات و مەینەتی و برک و ژانەکانی کوردەکانی خۆراسان دەکەن.

سەرەتا شۆڕش رەشی بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن:

بەکورتی مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ناوی خۆراسان بەمانای شوێنی رۆژەوە دێت، ئەم راستییە هەم لەلایەنی سروشتییەوە هەم لەلایەنی مێژوویی، ئایینی و کۆمەڵایەتیدا، پەیوەندی بە رۆژ-ەوە هەیە. مەشهەد پایتەختی ویلایەتی خۆراسانە، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٥ ملیۆن کەس دەبێت و بە ناوەندی شیعەگەرایی دادەنرێت. وەکو دەزانرێت مەزارگەی ئیمام رەزا لەوێیە، لەچەندین لای جیهانەوە مرۆڤ سەردانی دەکەن، ئەو کەسە لەوێدا دەبێتە مەشهەدی یاخودی حاجی. دەگوترێت نزیکەی ٤٠٠ تا ٥٠٠ هەزار کورد لەم شارەدا دەژین هەر کوردێک لە خۆراسان تایبەتمەندیی دەنگبێژی هەیە، هیچ خەڵکێک وەکو کوردەکانی خۆراسان نابینرێت ئەوەندە بایەخ بە موزیک و گۆرانیبێژی بدەن، بەشێوەیەک لە خەوێن و شا دەمارەکانی ئەو کوردانە موزیک و گۆرانی بەدی دەکرێت.

بەڵام کوردەکانی خۆراسان رەوشی ئابوورییان زۆر خراپە، کشتوکاڵ نییە، بەشێکیان بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و چاندنی باخچەی سەوزە و میوە رۆژگار بەسەر دەبەن، بەڵام ئەمەش پێداویستییەکانیان پڕناکاتەوە. لەبەرئەوە لەڕووی ئابوورییەوە دەوڵەت گەمارۆی داون، تەنها مزگەوت نۆژەن دەکاتەوە، سیستمی بونیادگەرایی ئایینی ئەو وڵاتە هیچ کارگە و پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی لەم ناوچەیە نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی گوزەرانی ئەم خەڵکە باش بکات، بەجێگای ئەوەدا رێگای بۆ بازرگانی تیلیاک خۆشکردوە!!! لە ئەفغانستانەوە تلیاکێکی زۆر



هەر کوردێک لە خۆراسان تایبەتمەندی مۆزیک و دەنگبێژی هەیە

دێت، کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی منداڵانیش بەکاریدەهێنن، لە هەندێک شوێن خەڵکی گوندێک بەتێکڕایی بەکاریدێنن، بەکارێکی "ئاسایی" دەبینرێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی بەکاری نەهێنێت "شەرمە"، بێگومان سیاسەتی دەوڵەت لەپشت ئەم رەوشەیە.

زۆربەی خەڵکی خۆراسان زاراوەی کرمانجی بەکاردێنن، لەگەڕەکی قەڵای ئەو شارە ژمارەیەکی کەم خەڵکی "لوور" هەیە، بەڵام زۆر کەمن، خوێندکارانی زانکۆ گۆڤارێک بە زاراوەی کرمانجی و بەناوی"دەنگی کرمانجی" دەردەخەن، هەندێک لەشاعیران و نووسەران، پەرتوکیان بە چاپ گەیاندووە، بەڵام ئەگەر هەڵەنەبم ساڵی یەکەمجار جەژنی کەلتوور سازدەکرێت، لە هەموو جۆرەکانی موزیک پێشکەش دەکرێت، هۆکاری پێشنەکەوتنی کەلتوور سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و دواتریش هۆکاری ئابووریشی لەپشتەوەیە.

پاشان رووی دەمی پرسیارمان کردە، بەڕێز کەلیمولڵا تەوەحودی:

*** کورد کەی و چۆن و بۆچی هاتوونەتە خۆراسان؟**

- ئەم کوردانەی ئێستا لە خۆراسانن بە چەند قۆناخێک گەیشتوونەتە خۆراسان، بەر لە هاتنی ئیسلام کورد لە خۆراسان هەبوون، لەبەرئەوەی لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی خەزنەوی کوردەکانی خۆراسان بەشداری جەنگی سۆمەریان کردووە و چوونەتە هیندستان هەروەها دیسانەوە لەشکری کوردان لەگەڵ سوڵتان مەحمودی خەزنەویی و توغرۆل بەگی سەلجوقی لە هەرێمی کوچان، ناویق و هەرێمەکانی دیکە شەڕیان کردووە.

*** ئێستا ژمارەی کوردەکان خۆراسان چەند دەبێت؟**

- تا ئێستا ئامارێکی ورد بۆ زانینی سەرژمێری کوردەکانی خۆراسان نەکراوە، لەسەردەمی نادر پاشادا ناوەندی شاری مەشهەد لە دەست کوردان بووە. کورد حەمامیان هەبووە، مزگەوتیان هەبووە، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئێستاش تورک و فارس نیشتەجێن، ئەو کاتەی مەغۆلەکان ئێرانیان داگیرکرد، فەرمانیاندا هەموو ناوێکی "کورد و فارسی" بگۆڕدرێت بۆ ناوی "تورکی مەغلۆلی" ئەمەش گورزێکی کوشندەی لە فەرهەنگی ئێراندا، لەسەردەمی شارەزایی پەهلەوی لە قوتابخانەکان بە زمانی فارسی و کوردی خوێندن بەڕێوەدەچوو، بەڵام لە سایەی ئەم رژێمەدا کورد ئاسیملە بوون، هەر بۆیە ئێستا زۆر زەحمەتە بزانین ژمارەی کوردان لە خۆراسان چەندە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار کورد لە خۆراسان دەژین.

لەسەردەمی نادر پاشا ناوەندی شاری مەشهەد لە دەست کوردان بووە

CENTER ART MAMLE

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

MAMLE ART CENTER

بە ئامانجی هاندان و گەشەپێدانی هونەری کوردی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، هاوکات لە دەهەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هونەرمەند و گۆرانیبێژی مەزنی کورد " محەممەدی مامڵێ " مەڵبەندی هونەریی مامڵێ بوونی خۆی رادەگەیەنێت کە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن وڵاتی نۆرویژ (نەرویج) تۆمارکراوە.

ئەرکەکانی مەڵبەند بریتی دەبن لە:-

- سازدانی سیمینار لەسەر بابەتە جۆراو جۆرەکانی هونەری کوردی
- گرتنی کۆڕ بۆ ڕێزگرتن و یادکردنەوە لە هونەرمەندانی وڵات

لە بەرچاوگرتنی خەڵاتی مامڵێ بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە توانیبێتیان لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا بە شێوەیەکی باش پێشکەوتن لە هونەری گۆرانی و مو سیقای رەسەن و کولتوری کوردەواری بەدەست بهێنن و داهێنان و زیندووکردنەوەو پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتی کوردییان لەبەرچاو گرتبێت و تێیدا سەرکەوتووبن .

هەروەها:

بە پێی توانا، یارمەتیدانی ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی بەرهەم و شوێنەواری هونەری کوردەوارین، بەڵام بەهۆی ئاستەنگە جۆراو جۆرەکان، ناتوانن کارە هونەرییەکانیان گەشەپێبدەن.

شایانی باسە ،مەڵبەندی هونەری مامڵێ ناوەندێکی سەربەخۆیە و لە لایەن ەیچ حکومەتێک و وڵاتێک یا پارت و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵێک پشتیوانی دارایی لێ ناکرێت، بەڵکو ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی گەلەکەمانە و لەلایەن خودی کوڕەکانی هونەرمەند محەممەدی مامڵێ و بەتایبەتی لەلایەن کوڕی گەورەی مامڵێ واتە کاک عەزیزی مامڵێ (خانە) سەرپەرشتی دەکرێ و بەهاوکاری لەگەڵ کاک وریای مامڵێ ئیدارەی مەڵبەندەکە دەدات ، لە هەمان کاتدا خزمەتگوزارییەکانی ئەم مەڵبەندە هونەرییە کلتوور و هونەری گشت پارچەکانی کوردستان لە خۆدەگرێت و خۆی بە ماڵی هەموو هونەرمەندانی کۆمەڵگەی کوردی دەزانێت.

جێی ئاماژە پێکردنە لەبەرچاوگرتنی خەڵاتی مامڵێ بۆ هونەرمەندان، لەسەر بڕیاری کۆمیتەیەکی هونەری دەبێت، کە پێکدێت لە کۆمەڵێک هونەرمەندی خاوەن ئەزمون و بەناوبانگ لە بوارە جیاجیاکانی هونەری مۆسیقا، نەک بەڕێوەبەرانی مەڵبەندی مامڵێ .

بۆئاگاداری زیاتر لە وردەکارییەکانی ئەم مەڵبەندە چاوەڕوانی وەگەڕخستنی سایتێکی ئینتەرنێتی دەکەین لە ماوەی داهاتوودا. بەڵام لەکاتی ئێستادا دەتوانن لەرێگەی ئەم ئادرێسەی خوارە وە زانیاری زیاتر وەربگرن هەروەهاسەرنج و پێشنیارەکانتان ئاڵوگۆڕ بکەن.

بەو هیوایەی بتوانین ئەرکی سەرشانمان لە خزمەتکردنی هونەر و کولتووری نەتەوەییمان بە جوانترین شێوە بە جێبگەیێنین. هەروەک چاوەڕوانین لە هونەرمەندانی ئازیز و خەمخۆرانی هونەر بەگشتی و هەوادارانی گۆرانی و مۆزیک، هەروەها دڵسۆزانی فۆلکلۆری رەسەنی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەتایبەت هەوادارانی هونەری مامڵێ لەسەرخستن و بەردەوامی ئەم مەڵبەندە هونەرییەدا هاوکاریمان بکەن بۆ سەرکەوتنی هەنگاوەکانمان.

com.art@gmail.mamle

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

١ی ڕێبەندانی ساڵی ٢٧٠

p|-UÖ¸ˆ-

تیپی مۆسیقاو شانۆی شۆڕش
ئەو سێ کەسەی سەرەوە
لە راستەوە/ عەولاڕەش/ سوبحی کۆیی/ عوسمان عەلی
ئەوانی دی
لە راستەوە
جەزا چنگنیانی/ جاسم رەمەزان/ محەمەد تەیب تاهیر/ ئەحمەد سالار/ موحسین قەرەداغی/ فەرید عیسا مستەفا- قاسم حەمید/
پاوە

رۆژهەلاتی کوردستان
١٩٧٥/٢/٦

بۆ یەکەمین جار بڵاودەکرێتەوە

ئەرشیفی جیهانبەخش کۆیی

پێکهاتەی گۆرانی

سالار کۆشار

بێگومان گۆرانی لە ناخی هەر مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام کێ دەتوانێ دەریخا و بیگەیێنێتە گوێی گوێگر ئەوەیان گرنگە و هونەرەکە لێرەدایە، دیارە بەهەرش رۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ هاندانی کەسەکە، بەڵام بەهەرش بەبێ بەردەوامبوون و بەدواداچوون هیچ گرنگییەکی نامێنێ و زوو لەگەڵ بەسەرچوونی تەمەن ئەویش کپ دەبێتەوە، بێگومان ئەگەر بێت و ئاورێکیش لە گۆرانیی دوێنێ بدەینەوە ئەمەیان بابەتێکی مێژووییەو زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەگەر وەکو سەرە قەڵەمێک باسێکی لێوە بکەین بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکەمان پێم باشترە...

هەر لەبەرە بەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە گۆرانی هەبووە، بەڵام بەگوێرەی بارودۆخ و ئاووهەوای ئەو سەردەمە لە هەر سەردەمێک گۆرانییەک هەبووە، لەگەڵ ئیشوکارەکان ئێش و ئازارەکان-کارەساتەکان ئەڤینداری و کێشەی گەنجایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئەمانە هۆکاری گرنگ بوونە بۆ دروستبوونی گۆرانییەک بابەتێکی پەنگخواردوو بێ چارە لە ناخی مرۆڤەکانی ئەوکات بۆیە زۆرکات ئەو شتەی لە ناخی ئەودا پەنگی خواردۆتەوە لە رێگەی ئێشوکارەکانیدا دەریبڕیوە بەڵگەشمان فۆلکلۆرە کە بەهونەر و ئەدەبی گەل ناسراوە و ئەگەر باسی ناوئاخنی فۆلکلۆر بکەین ئەوا زیاتر بەرچاومان روون دەبێ لەسەر گۆرانی و هونەری ئەوکات و وەکو نموونەش بیهێنینەوە- حەیران- لاوک- بەستە-حەیرانۆک-غەزەل و بەیتە داستانییەکان ئەمانەی نموونەی ئێش و ئازار و ئەڤینداری و کێشەکانی ئەوکات بوونە ئەم هونەرەی بە مرۆڤەکان داهێناوە. بابێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە پێکهاتەی گۆرانییە گۆرانی لەچوار بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەمانەن-شیعر-ئاواز-دابەشکردنی میوزیک- گوتن دیارە کە شیعر رۆڵێکی سەرەکی دەبێنێ لە گۆرانی لەبەر ئەوەی هەم بابەتەکە بەوەوە بەندە و هەم دابەشکردنی میوزیک و گوتن و ئاوازەکەش دەچێتە پاڵ ناونیشانی شیعرەکەوە، بەڵام پرسەکە لێرەدایە چ شیعرێک دەبێتە گۆرانی و چ شیعرێک هەڵدەبژێری بۆ گۆرانی. دیارە شاعیر لێرەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ بۆ دروستکردنی بابەتێکی باش و وشەگەلێکی نەسواو و پڕواتا و ئاسان تازوو بەگوێی گوێگر ئاشنابێ. هەرچەندە ئێمە وەکو میللەتانی دەوروبەرمان نین کە شاعیرمان هەبێ تایبەت دەبێ بەم بوارە، بەشێوەیەک لە شیعرەکانی هەمانە، بەڵام نەبۆتە تایبەتمەندی بۆیە گۆرانیبێژانمان پەنا دەبەنە بەر شیعرە کۆنەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعرە کلاسیکییەکان ریتمێکی مۆسیقی تێدایە و دەشێ بۆ گۆرانی، بەڵام گرفتی شیعری کلاسیک لەبابەتەکە و وشە گرانەکانە کە گوێگری ئێستا زوو تێیان ناگا و بۆی ئاسان نابێ. یا ئەوە تا گۆرانیبێژەکە هەر خۆی چەند وشەیەک ریز دەکا و دەیکاتە شیعری ئاوازەکەی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی ئەدەبی یان پرسیار بە شاعیرێک بکا بۆ دروستی شیعرەکە بەڵام ئەگەر بێت و رێککەوتنێک هەبێ لە نێوان شاعیر و گۆرانیبێژ بێگومان بابەتەکە زۆر باشتر و سەرکەوتوتر دەردەچێ. شیعری گۆرانی دەبێ یەکەمین شت بابەت بێ وشەکان سووک ئاسانبێ بۆ ئەوەی گوێگر زوو وەریگرێ، وشەکان نەسوابن. وشەکان واتادارین وشەی بەستراو و جێگیر ئاواز دەکوژێ و یا وشەکە کەرت دەبێ یا جاری وایە هەر ناگوترێ.

ئاواز

ئەگەر ئەم شیعرە هاتەبوون ئینجا رۆڵی ئاوازدانەر خۆی نیشان دەدا بۆ دانانی ئاواز پڕ بە قاڵبی شیعرەکە بێگومان چەند جۆرێک ئاوازدانان هەیە.

١- شیعرەکە هەیە ئاوازی لەسەر دادەنرێ.

٢- ئاوازەکە هەیە ئینجا بەدوای شیعرێکدا دەگەڕێ بۆ ئاوازەکە.

٣- ئەم جۆرەیەیان دەگمەنە ئەویشیان ئاواز دانەرەکە ئاواز و شیعرەکە بەیەکەوە دادەنێ هەروەک لەسەرتاش ئاماژەم پێدا ئەگەر بێت و رێککەوتنێک لەنێوان ئاوازدانەر و شاعیر هەبێ ئەوا بابەتەکە زیاتر سەرکەوتن بەدەستدێنێ و بێگرێ و گۆڵتریش دەبێ.

دابەشکردنی میوزیک

دابەشکردنی مۆسیقا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ. لە هەردوو بڕگەکەی سەرەتا زیاتر ماندوو دەبێ لەبەر ئەوەی بابەتی شیعرەکە و وشەکان و ئاوازەکە لێک گرێدا و لە بۆتەی بەرگێکی جوان و رازاوە و بێ غەل وغەش بەرجەستەیان بکا و بەر دروستی بەرگی سێیەم بەبەر شیعر و ئاواز دابکاتەوە و حازر بۆ گوتن.

گوتن

ئەم سێ بڕگەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدا دەبێتە پەیامی شاعیر و ئاوازدانەر و ژەنیار. هەرسێ پەیامەکە دەدرێتە دەستی گۆرانیبێژ بۆ ئەوەی بەگوێگری بگەێنێ. شێوازی گوتن بۆ رازاندنەوەی هەر سێ پەیامەکە رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لەسەرکەوتنی بەرهەمەکە بێگومان ئەگەر هات و شێوازی گوتن سەرکەوتوونەبوو ئەوا پەیامەکانی دیکەش لەگەڵ خۆی دەسوتێنێ بەڵام بە پێچەوانەوە شێوازی گوتنی باش پەیامەکانی دیکەش سەرکەوتوو دەکا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە گۆرانیبێژ پاڵەوانی گۆڕەپانەکەیە بۆ سەرکەوتن و بە پێچەوانەوە و ئەگەر هات و رێککەوتنێکی گشتی لە نێوان گۆرانیبێژ و شاعیر و ئاوازدانەر و دانەری مۆسیقا هەبێ گۆرانییەکە زیاتر سەرکەوتن بەدەستدێنێ و زیاتر کەم و کوڕییەکان کەم دەبێتەوە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی و بەکورتی پێکهاتەی گۆرانی بو هیوادارم سوودی هەبێ بۆ زیاتر ئاشنابوونی گوێگرانی گۆرانی.